# Total Video Converter

هەر لە ناوەکەی ئاشکرایە کە کاری ئەم پرۆگرامە چی یە، بە لاّم بۆ زیاتر ناساندنی پرۆگرامەکە و چۆنیەتی بەکار هینانی کورتەیەك باسی لێوە دەکەین.

ئەم پرۆگرامە پێکهاتووە لە دووبەش

1. Total Video Player: بۆ بە ئیش خستنی فایلی دەنگ و ڕەنگ بەم فۆرماتانە

(avi,mp4,3gp,dat,qt,mov,mpg, mpeg, m1v, wmv, rmvb,rm, asf, 3gp2, 3g2, 3gpp, swf, flv, fli, flc, m4v, dv,mkv, ts, ogm, dsm, vob, gif, mp3, wma, mp2, ac3, ogg, wav, aac, aiff, au, ram, ra, cda, amr, m4a, mmf, awb, flac, m3u)

..........................................

2. Total Video Converter : بۆ گۆڕینی فایلی دەنگ و ڕەنگ بۆ یەك لەم فۆڕماتانە

(Mpeg4 Video, Nokia beta, MS Mpeg4 Avi, Swf Video, DVD Mpeg, Mpeg4 Mov, Wav Audio, Amr/Awb Audio, H264 Mpeg4, ipod Mpeg4, Divx/Xvid Avi, FLV Video, SVCD Mpeg, DV, Mp3 Adudio, MMF Audio, 3gp Video, MJPEG Avi, Gif, VCD Mpeg, Jpeg Images, Aac Adudio, Au Audio, Mpeg4 ASF, Lossless Avi, Mpeg, Ac3 Audio, Ogg Audio, PSP Mpeg4, h264 avi, Flac Audio, CD Audio)

بە بوونی ئەم پرۆگرامە لە ناو کۆمپیوتەر  وا لە بە کار هینەر ئەکات پە نا نە بات بۆ هیچ پرۆگرامی کی تر بۆ بە ئیش خستنی فایلی دەنگ و ڕنگ و گۆڕینی فۆرماتی فایلەکان، دەتوانم بڵێم تەواوی فایلەکان ئەخوێنێتەوە و فۆرماتەکانیان ئە گۆڕیت ، یەکیك لە سیفاتە باشە کانی ئەوەیە زۆر بە خیرایی فایل لە فۆرماتیك ئە گۆریت بۆ فۆرماتیکی تر ئەمەش زۆر گرنگە خیرا بیت لە کارکردن..

## چۆنیەتی بە کاری هینانی Total Video Converter

دوای دامەزراندن  پرۆگرامەکە ئەکەینەوەشێوەکەی وەك ئەم وێنەی خوارەوە دەر دە چێت..

1. کلیك دەکەین لەسەر New Task و پاشان import files هەڵدەبژیرین براوسیکمان بۆ دەکریتەوە پاشان کلیك لەسەر فایلەکە دە کەین و دواتر کلیك لەسەرOpen ئەو فایلە هەڵدەگرین کەئەمانەویت فۆرماتەکەی بگۆڕین،

2. ئەم شوێنە دیاری دەکەین کە ئەمانەویت فایلە کەی تیدا پاشەکەوت بکەین.

Amin-uk
Digitally signed by Amin-uk
DN: cn=Amin-uk, email=info_1@kurdishwebit.net, o=WWW.KuRdIsHwEb.NeT, l=Uinted King dom
Date: 2007.09.28 01:12:08 +01'00'




دواى كليك كردن لەسەر Open لاپەرەيەكى ترمان بۆ دەكريتەوە داوامان لى دەكات كە كە فۆرماتيك هەڵبژيرين تا فايلەكەمان بۆ بگۆريت بەو فۆرماتە، تۆش بە پێى پێويستت فۆرماتيك هەڵ ئەبژيريت، بۆ نموونە ( ئەگەر بمانەويت فايليكى دەنگ و ڕەنگ لەسەر لەسەر سى دى يان لە ناو كۆمپيوتەرەكە بنخەينەسەر مۆبايل ئەبيت فۆرماتى Video 3GPيان Mpeg4 Mov هەڵبژيرين تا مۆبايلەكە بتوانيت بيخوێنيتەوە،




دوای هەڵبژاردنی یەکێك لە فۆرماتەکان ئەبینین فایلەکە هەڵگیراوە و ئیستا ئامادەیە بۆ گۆڕینی فۆرماتەکەی،، تۆش کلیك بکە لەسەر دوگمەی Convert Now ئەبینین دوای چەند چرکەیەك فایلیکی نویمان بۆ دروست بوو لە وشوینەی کە بۆمان دیاری کردوە تیادا پاشەکەوت بیت بە فۆرماتیکی نوێ کە خۆمان هەڵمان بژارد، بەم شێوەیە فایلەکە ئامادە دەبیت و ئەتوانیت بیخەتەسەر مۆبایلەکە ت و بە شیوەکی دروست ببیینیت..




هیوادارم سودی هه بیت،،،

Amin-uk

Digitally signed by Amin-uk
DN: cn=Amin-uk,
email=info_1@kurdishwebit.net,
o=WWW.KuRdIsHwEb.NeT, l=Uinted King
dom
Date: 2007.09.28 01:12:33 +01'00'